به ناوی كوردستانی گەورە !

## پەندی پێشینانی كوردی، بەردەنووسی نێو سنگ

٢٠٠٣/٨/٥

ح. س. سۆران
soran909@hotmail. com

بەركوڵ (سەرەتا) :

یەكێك لەو شتانەی كە بۆ روونكردنەوەی پێشینەی هەرنەتەوەیەك فرە بەكەڵكە، بەردە نووسە، كە بە زمانی عەرەبی، پێی دەڵێن " كەتیبە". جاری وا هەیە بە خوێندنەوەی بەردەنووسێك، چەندین رازی گەورەی مێژویی روون دەبێتەوەێ.

لە ناوچەی كوردە واری، لە درێژایی مێژودا، وەك كاتی ئێستا، داگیركەران یا نەیان هێشتوە بەردەنووس ساز بكەین و شتەكانمانیان لەسەر بنووسین، یا ئەگەر بە دەگمەن دەرفەتی سازكردنی بەردەنووسیشمان بوبێ، وەك لەم چەرخەدا زۆر جار كتیبەكانیان سووتاندوین، لە درێژایی مێژوشدا، بەردەنووسەكانیان شكاندوین و شتێكی وایان بە ساغی نەهێشتوەتەوە. بۆ وێنە، هەر لە سی ساڵی رابوردودا، بەردەنووسی " كەڵ و شێر" یان، لە گوندی دەلمە، لە نزیكی دێی گوێگجەلی، لە ناوچەی بۆكان، تەفر و تووناكرد.

بەڵام بە خۆشیەوە، چون كورد گەلێكی بیرمەندە، توانیویەتی هێندێك لەو زەرەرانە، بە كەلەپووری فۆلكلۆر پڕبكاتەوە. فۆلكلۆر، بە زمانی فەرەنگی بە مانای" زانستی گشتی "ە، یانی زانستێك كە هی تەواوی گەلە، واتە كەسێكی دیاری كراو، ئەو زانستەی دانەهێناوە و نە یخولقاندوە، بەڵكە بە هۆی تەواوی گەل، بە درێژایی مێژو، خولاقاوە و سنگ بە سنگ هاتوە.

××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××

### فۆلكلۆرگەلی گرنگی كوردی ئەمانەن :

پەندی پێشینان (نەك پەندی پێشینیان) ، هۆنراوەی فۆلكلۆری، بەیت، چیرۆكی فۆلكۆری، قسەی نەستەق، جەفەنگ (قسەی خۆش) ، مەتەڵ و ئەفسانە.

لە بەشێكی پێشودا، راڤەی هۆنراوەی فۆلكلۆری كوردیم پێشكەش كردن، بەڵام ئێستا، باسی پەندی پێشینان تان بۆ دەكەم. لە زمانی كوردی دا، پەندی پێشینان بە وتەیەك دەڵێن، كە بە چەشنی سەمبۆلیك و جاری واش هەیە، بە چەشنە نەزمێكی وەك شێعر، مانایەك دەگەیێنێ و پەند و ئامۆژگاریەك دەكا، بۆ وێنە ئەمانە پەندی پێشینانن :

- بەرەبەرە، خزمی مێرد دەربەدەرە، خزمی ژن تاجی سەرە !
- لە پیران تەوێ، لە زستان شەوێ !
- كاتی داماان، خزمی دوور و قەرزی كۆن مان وەبیردەكەوێتەوە !
- كششە ! كششە ! میوان رۆژێك و دوان خۆشە.
- ماڵی دنیا چڵكی دەستە !

دەبێ ئەمەش مان لەبیر بێ، كە تۆفیری پەندی پێشینان، لەتەك قسەی نەستەق ئەمەیە، كە پەند دەبێ بەلای كەمەوە، پەند و نەسیحەتێكی تێدا بێ، بەڵام قسەی نەستەق پەند و نەسیحەتی تێدا نیە، بۆ وێنە ئەمە قسە نەستەقە : "دەڵێ كاسەی قەرەچی ئاو بردویەتی ".

هەروەک دەبینن، لە پێنج دانە پەندی پێشینانی سەرەوەدا، تەنیا سێ دانەیان خاوەن نەزمن، یانی پەندی پێشینانی چەشنی پەخشانی بێ نەزمیش مان هەیە،

تایبەتمەندیەکی دیکەی پەندی پێشینانی کوردی ئەمەیە، کە پەندەکان، لە هەر ناوچەیەک، بە زاراوەی ئەو ناوچەیەن، بۆ وێنە پەندی سەرەوەی "لەپیران تەوێ، لە زستان شەوێ"، هی ناوچەی ئەردەڵانە.

پەندە پێشینانە کوردیەکان، رەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتین، بە پێوەری کات و جێ. هەر پەندێکی پێشینانیش کە باری کۆمەڵناسی لە دەست دابێ، ئیدی وردە وردە کەم رەنگ بوە. بۆ وێنە بە داخەوە، لە ژێر قەمچی خونکاری ئابووری ئەمڕۆدا، پەندی پێشینانی " ماڵی دنیا چڵکی دەستە " وەک جاران، بە شتێکی پڕەنگ نازانن و سێ دانە پیتی " پ " بوون بە مۆکڵی، کە بریەتین لە " پارە "، "پڵاو" و " پارتی".

تایبەتمەندیەکی دیکەی پەندی پێشینانی کوردی ئەمەیە، کە زۆر لە خۆشەویستان خریان کردونەتەوە و زۆر کەسیش کردوونیان بە ناواخنی هۆنراوە. بۆ وێنە، رێزدار سەججادی، لە شاری سنە، پەندەکانی کۆکردوەتەوە و کردوونی بە زمانی فارسی. ماموەستا پیرەمێرد، ماموەستا مەلاغەفوور (حافزی مەهابادی) و ماموەستا برایم ئەفخەمیش کردوونیان بە ناواخنی هۆنراوە.

لە کتێبی " هۆنراوە و پەخشان " دا، منیش ئەم ئەرکەم ئەنجام داوە و بڵاوم کراوەتەوە.

ئێستاش بە ئەرکی سەر شانی هەموومانی دەزانم ، پەندی پێشینانی کوردی، کە یەکێکی دیکە لە بەردەنووسەکانی نێو سنگ مانە، کۆیان بکەینەوە و بڵاو ببنەوە، تا چەتەی زەمان، ئەم خەزێنە پڕبایەخەشمان تاڵان نەکا و پەندەکان لە بیر نەچنەوە.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە

Kurdistan.net